www.kurdistannet.org 27-2-2003

# کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان

تەنها بە کوردایەتی , خەونی داگیرکەرانەی تورکیا و هەموو داگیرکەرانی دیکە... پووچەڵ دەبێتەوە

ماوەیەکە دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا و جیهان بە گەرمی هەواڵی ئامادەباشیی سوپای دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا, بۆ پەلاماردانی باشووری کوردستان بلاودەکەنەوە . ئەمەش لە کاتێکدایە کە جیهان سەرگەرمی ئەو کێشە و تەنگەژانەیە کە عێراق بۆ هەموو ناوچەکە و مرۆڤایەتیی خولقاندووە .
میللەتی کوردیش وەک یەکەم قوربانیی دەستی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەی سەدام و رژێمەکەی، لە 1991 وە خەریکی خۆدروستکردن و بیناکردنەوەی ئەو بەشە وێرانکراوەی ولاتەکەیەتی و دەسەلات و جێ و رێیەکی سیاسی و نەتەوەیی بۆخۆی دامەزراندووە و تێدەکۆشێ ئایندەیەکی چاکتر و باشتر و مسۆگرتر بنیاد بنێ . ئا لەم کاتەدا تورکیا مەرامە چەپەڵ و نارەواکانی خۆی بەناوی ( دژایەتیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ، چەکداماڵینی هێزەکانی کورد ، یان بە درۆ و دەلەسەی , کەرکوک و موسڵ دووشاری کوردستان نین ، دەستێوەردانیان لە بڕیاری سیاسی لە ناوچەکەدا و داکۆکی لە کەمەنەتەوەیی تورکمان ـ ئەو رۆژانەی سەدامی دۆستیان بە دەیانی لێ دەکوشتن تورکیا لەئاست کوشتنیان بێ دەنگ بوو ـ !!! ) بێشەرمانە و بەبەرچاوی هەموو دنیاوە رادەگەیەنێ.
لە لایەکەوە تورکیا لەم کێشەیەدا بانگاشەی ئاشتی دەکات و سەرگەرمی ئەوەیە بەم رێگایە کێشەکە چارەسەر بکرێ ، لە لایەکی دیکەوە بۆ شەڕی کورد و وەستانەوە دژی ویستەکانی میللەتە ستەمدیدەکەمان ئامادەیە و دەیەوێ بە 80000 هەزار سەربازەوە کوردستان بکاتە پێخوستی لەشکرە داگیرکەرە دڕندەکەی .
بەمەش تورکیا خەسڵەت و کارەکتەری داگیرکارانەی خۆی سەرلەنوێ دەردەخاتەوە و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی و پشێوییەکی نوێ دەبات .
ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی , بەناوی پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆک ) وە بە توندی بەرپەرچی ئەو راگەیاندنە فاشی و نامرۆڤانەیە دەدەینەوە و بە دەسەلاتدارانی ئەنقەرە دەڵێین ، دەبێ ئەو خەونانەتان وەک ـ جەنگیزخان و هۆلاکۆ و ئەتاتورک ـ ببەنە ژێر گڵەوە . چونکە میللەتێ کە ئەنفال و کیمیاوی و راگوێزان و لەسێدارەدان و راونان و کۆمەڵکوژیی نەیانتوانیوە بیبەزێنن و کۆڵی خۆڕاگری و تێکۆشانی پێبدەن ، وا

بەهەڕەشە و گوڕەشەی ئێوە و هیچ دوژمن و داگیرکەرێکی دیکە , هەرگیز کۆڵ لە کوردایەتی کردن و خەباتی ڕەوای بۆ ئازادی و رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی نادات .

ئـێمە داوا لە جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزو خۆڕاگری نەتەوەکەمان و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان و هێز و لایـەن و دەسـتە و کـۆڕ و کۆمەڵێکـی سیاسـی و رۆشـنبیری و پیشـەیی کـورد و کوردسـتانی, بـە تایبەتی لـەناوەوە و دەرەوەی کوردسـتان دەکـەین یەک ریز و یەک دەنگ و یەک باوەڕبن ، بۆ پووچەڵکردنەوەی پلان و نەخشە گڵاو و دوژمنکارەکانی تورکیا و هەر دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەری کوردستان .

ئەمـڕۆ رۆژی یەکگـرتن و خەبات و جۆشدانی کوردایەتی و گەرمکردنی کەناڵە دبلۆماسییەکان و رێکخستنی خۆپیشـاندانی جـەماوەری و دەربڕینی نارەزایی هەمەجۆرە بەرانبەر بە لەشکری داگیرکەر و تاڵانکەری تورکیا و هەمـوو دوژمنانـی دیکـەی کـوردایەتی ، ڕۆژی کوردایەتـی و تێکۆشـان و نەسـرەوتنە لـە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان و هەنگاونان بەرەو کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان .

- یەکگرتوو و یەک هەڵوێست بێ هیز و خواستی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.
- هەر شەکاوە بێ ئاڵای سووری کوردایەتی.
- ریسوابوون و تێشکان و نەمان هەر بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دەبێ.
- سەربەرزی و نەمری هەمیشە هەر بۆ شەهیدانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانە.
- بۆ پێشەوە بە کوردایەتی بەرەو یەکگرتن و ئازادی و سەربەخۆیی.

**پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**

26.02.2003

**http://www.PASOK.org**